داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پاڕێزەرانی ئاوی عێراق

This Project is Funded by European Union
Partnership
Implemented by NI
Prepared by: Diary Muhamad Rashid
www. nature iraq .org

لە بەرواری ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥، و لە هۆڵی هۆتێل رامادا لە شاری سلێمانی، رێکخراوی سروشتی عێراق کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخست لەژێر سەرپەرشتی بەڕێز د.هەڤاڵ ئەبو بکر سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ، بەمەبەستی دەرچوونی یەکەمین ڕێبەری (یاساکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق). لەم ڕێبەردا هەوڵدراوە وێنەیەکی ووردلەو یاسا و پەیڕەوە ژینگەییانەی کە کاری پێدەکرێت لەهەرێمی کوردستان و عێراق بخرێتە ڕوو ، وەهەروەها دەرخستنی ئەو بۆشاییە هۆشیارییەی کەبەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێ دەکرێت لەناو کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

جگەلەوەی ناوەرۆکی ڕۆژنامەی وە قانعی عێراقی زۆر بەئاسانی ناگاتەدەستی خەڵکی و کۆمپانیا خۆماڵی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وە شێوازی دارشتنی ئاسان نیە تا بگاتە بەردەستی زۆرینەی خەلک و ئەمەش وادەکات کەزۆر پابەند نەبن بەیاسانەی کە لەبوارەکانی خاک، هەوا و ئاودا هەیە ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەم ڕێبەرە جۆرێک لەبەرچاوڕوونی دەداتە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمپانیاکان و خەڵک بەگشتی.

هەر لە چوارچێوەی کۆنفرانسەکەدا ڕێبەرەکە بەسەر سەرجەم ئامادەبووادا دەبەشکرا و زیاتر لە (٣٨) کەس لە نوێنەرانی لایەنی حکومی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنی گرنگ ئامادەبوون لەوانەش: خەندان ، کوردسات ، گەلی کوردستان ، KNN

رێکخراوی سروشتی عێراق لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆئەوەی ئەم چالاکییە ڕێگا خۆشکەر بێت بۆ بەدەستهێنانی کارو بەرهەمی تر پەیوەست بە داکۆکی کردن لە یاسا ژینگەییەکان.

داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پاڕێزەرانی ئاوی عێراق

This Project is Funded by European Union
Partnership
Implemented by NI
ژمارە ٨ | ئازار – ٢٠١٦ | پەڕەی ١ لە ٢

ڕێبەری یاساکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق



پرۆژەی (**داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پاڕیزەرانی ناوی عێراق**)، وەک بەشێک لە سروشتی عێراق هەستا بە دەرکردنی ڕێبەرێکی یاسایی ئاسان تایبەت بە سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکانی بواری ژینگە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ هەر سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی ژینگە (خاک، ئاو، هەوا) وە هەروەها هەردوو ڕەگەزی زیندوو (ڕووەک و ئاژەڵ). ڕێبەرەکە بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) نووسراوەتەوە کە یاسا سەرەکییەکانی ناوچەکە لە خۆ دەگرێت وە ماف و سزاکانیش ڕوونکراونەتەوە. ڕێبەرەکە ١٠٠٠ دانەی لێ چاپ کراوە بۆ هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، کە دابەش دەکرێت بەسەر ٥٠٠ لایەنی پەیوەندیدار لە کەسانی تایبەت بە بواری ژینگە و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوانەی لە بواری ژینگەدا کار دەکەن. جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەم ڕێبەرە لە لایەن هەردوو پاڕیزەر (شیلان عزیز صالح) و (ڕاژان ئاسۆ علی) ئامادەکراوە لە ڕێکخراوی سروشتی عێراق و بە سەرپەرشتی بەڕێز (د.انور عمر قادر) بەڕێوەبەری گشتی پلان دانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان. ئەرکی چاپ کردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم پرۆژەیە لە لایەن (ڕێکخراوی سروشتی عێراق) وە لە چوارچێوەی پرۆژەی (داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پاڕیزەرانی ئاوی عێراق) لە ئەستۆ گیراوە که لە لایەن **یەکێتی ئەورووپاوە** پشتگیری دارایی دەکرێت.

دەرچوونی ڕێبەری یاسایی ژینگەیی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە سلێمانی

داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

This Project is Funded by European Union

Water Right Foundation

Implemented by NI

ژمارە ٨ | ئازار – ٢٠١٦ | پەڕەی ٢ لە ٢

ناساندن و بلاوکردنەوەی ڕێبەری یاساکانی ژینگە – لە شاری هەولێر

لە بەرواری ١٢ی کانونی دووەمی ٢٠١٦، لە هۆڵی کۆبونەوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار لە شاری هەولێر، چالاکییەك ڕێك خرا بە ناماڵجی ناساندنی (ڕێبەری یاساکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق) و لە ژێر پرۆژەی (داکۆکیکردن و یاسای ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق).
بە ئامادەبوونی نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە (دەستەی پاراستن و چاك کردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی ژینگەی هەولێر، وەزارەتی کشتوکاڵ گشتی ئاو و ئاوەڕۆ، و سەرچاوە ئاوییەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڕێوەبەراتی شارەوانییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی ئاوی سەر زەوی هەولێر) و ڕێکخراوە ژینگەییەکان و کەسانی پسپۆر لە بواری ژینگە ، هەروەها بە ئامادەبوونی بەڕێز (د.ئەنوەر عمر قادر) هەروەها لە بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، کە سەرپەرشتی ڕێبەرە یاساییەکەی کردبوو. هەروەها لە هەمان ڕۆژدا ڕێزلێنانێکی تایبەت لە لایەن ستافی سروشتی عێراقەوە بۆ بەڕێز د.ئەنوەر ئەنجامدرا بەرامبەر بەو هەوڵ و ماندووبونە بەردەوامەی کە بەڕێزیان کێشابوویان لە کاتی سەرپەرشتی کردنی ڕێبەرە یاساییەکە.

داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

This Project is Funded by European Union

Water Right Foundation

Implemented by NI

Prepared by: Diary Muhamad Rashid www. nature iraq .org

ناساندن و بلاوکردنەوەی ڕێبەری یاساکانی ژینگە – لە شاری دهۆك

لە بەرواری ٢ی شوباتی ٢٠١٦ ، پرۆژەی داکۆکیکردن بە هاوکاری ڕێکخراوی (کوردستان بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵ) هەستا بە سازدانی کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە هۆڵی فەرمانگەی ڤێرتێرنەری لە شاری دهۆك ، بە ئامادەبوونی ٢٧ کەس لە نوێنەری فەرمانگەکان و کەسانی شارەزا و خاوەن بڕیار، وە هەروەها چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی.
لە کۆبوونەوەکەدا کورتەیەك پێشکەش کرا دەربارەی دەرچوونی یەکەمین ڕێبەری یاساکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، لە هەمان کات دا باسی ناوەرۆکی ڕێبەرە یاساییەکە کرا، هەر لە چوارچێوەی کۆبونەوەکەدا ٢٥٠ دانە لە ڕێبەرە یاساییەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بەسەر بەشداربووان دا دابەش کرا.
لە بەشێکی تری کۆبونەوەکەدا تیشك خرایە سەر ناماڵجێکی سەرەکی پرۆژەی داکۆکیکردن کە بەشداری کردنە لە پەرەپێدان و خستنە ڕووی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنی حکومی لە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی یاساکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك.

لە هەمان کۆبونەوەدا گفتوگۆی تەواو کرا لەسەر دەرچوونی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ (یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی مافی ئاژەڵ) کە لە بەرواری (نیسانی ٢٠١٥) بە شێوەیەکی فەرمی بڵاوکرابووەوە ، کە ئەمەش مەبەستێکی تری کۆبونەوەکە بوو.
هەموان کۆك بووین لەسەر بوونی چەند کەم و کوڕییەك لە یاساکەی (ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥) کە ناتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی دیاردەی ڕاوکردن بکات و کاریگەری تەواوی هەبێت لە بواری جێبەجێکردن دا ، هەر بۆیە لە کۆتاییدا هەستاین بە کۆکردنەوەی ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر یاساکە و چاك کردنی کەم و کورتییەکان لەسەر یاساکە ، پاشان گەڕاندنەوەیان بۆ لایەنی پەیوەندی دار بۆ دووبارە هەموار کردنەوەی یاساکە.